

چیرۆکەکانی دادگا ، کۆمەڵە چیرۆکێکی واقیعین لە دادگاکانی کوردستانەوە وەرگیراون

# رستەیەك لە فایلێکی سوردا

## دیرۆکی خێزانێکی لێکترازاو

ئەرسەلان تۆفیق

● هێندە بەرقەوە لەو فەردە سەمادانە دەنەوی دەتگوت لە عەلاگەیەکی پێنج کیلۆیی دەنەویێ، دەیدا بەسەر شانیدا و بەچاوتروکانێك لە عەمارەکەدا فڕێیدەدایە سەر ریزەکانی تر و نەگوێی بە گەرما دەدا و نە ئاگای لە دلۆپە عارەقەکانی نێوچاوانی بوو، گەر سەروچاوی بە جامانەکەی نەپێچایە کەمکەس دەیانزانی ئەو گرفتێکی دەروونی گەورەی هەیە.. تا ئێستا کەس بەو شێوەیە نەیدیبوو...

دوای ئەوەی ئەخیر فەردە سەمادی لۆرییەکەیان داگرت جامانەکەی لەسەری کردەوە و هەردوو چمکەکەی گرت و کەوتە خۆ تەکاندن، هێند بەتوندی دەیکێشا بەخۆیدا لەوانە بوو گومانبکرێ ئەو پیاوە میانساڵە ریش ماشوبرنجییە بیەوێت ئازارێك بەخۆی بگەیەنێت، بەپرتاو خۆی گەیاندە ژووری بەڕێوەبەر و بەزۆر زەردەخەنەیەکی لەسەر لێوەکانی دروستکرد:

ــ بەخوا تەریق دەبمەوە، شتێك هەیە رووم نایەت بیلێم...

ــ ئاساییە.. هەر بەزمەکەی دادگاتان نەبێت باشە.

ــ بەرێ وەڵا، جامن لەوەزیاتر کەی کێشەی ترم هەیە، ناشکوری نەبێت کەی من لەڕێی مەحکەمە و مەحکەمەکارییدا ماوم..

ــ برۆ خوا بۆت ئاسانکات..

کە هاتە دەرەوە بە چەند لۆقێك خۆی گەیاندە بەردەم دادگا و لەبەرخۆیەوە لەناخی خۆیدا گفتوگۆیەکی گەرمی سازکردبوو: (ئاخر ژنەکە خوا بتگرێ کەس ژنی تری نەهێنا من نەبێت.. کەس دەستی بەم ئاگرەدا نەچسکا من نەبێت...ژنی ئەو خەڵکە بۆ وەك خواپێداو دانیشتوون و هیچ ناڵێن تۆ نەبێت.. تۆ وەك شمڵی شەڕ، وەك مارەکەی شێخ هۆمەر ئالأیتە ملم و حەیای خۆت و منیشت برد و هەموو رۆژێ ئەم دادگا و ئەو دادگاکارییەم پێدەکەیت... ئاخر خۆت چەندجار پێتگوتم من تاقەتم نەماوە برۆ ژن بێنە... ئێستە بۆ لێم راستبویتەتەوە و بارەگای ژنان و ناوەندی کۆمەڵایەتی و لیژنەی فەتوای مەلایان نەما لێمنەگریت و شێتانە، بێ عەقڵانە، لە هەر جێیەك کۆمەڵە قسەیەك نەدەیت بەزەوییدا و نەمکەیتە بنێشتەخۆشەی هەر مەجلیسێ... نەك هەر خۆت مناڵەکانیشم لێ لووتەلا بوون، ئەوانیش فێری بەزم بوون، من بەخێویان دەکەم

و ئەوان پێمدەڵێن برۆ باوكمان ناوێت! توخوا ئەم بەزمە خۆش نییە...) بەدەم ئەم گفتوگۆ ناوەكییەوە لەبەردەم مێزی فەرمانبەرەكەدا خۆی بینیەوە..

ــ ئەوە من هاتووم ...

ــ چاوەڕێبكەن ناوەكەتان دەخوێنرێتەوە..

گەرمای ناو هۆڵی چاوەڕوانی و گەرمی هەناوو گێڕانەوەی رووداوە ناخۆشەكان سوراییەكی تورەئامێزیان لە سیمایدا دروستكردبوو. لە سوچێكدا پاڵی بە دیوارەكەوەدا، لەبەردەمیدا كچ و كوڕێكی گەنج بریسكەی رەنگیان دەهات، چاویان بریقەی دەدایەوەو لەناخەوە بۆیەك دەخەنینەوە و جارجار شانێكیان لەیەكتری توند دەكرد و بێئەوەی ئاگایان لەم و ئەوانی تری ئەملاولایان بێت، خۆشەویستییان دەپرژاندو چاوەڕێبوون دادوەر بانگیان بكات و بەڵگەنامەی هاوسەرییان بۆ دەربكات... ئەو دیمەنە نەك هەر سەرنجی ئەمی رانەكێشا بەڵكو گاڵتەی بەو مەسەلەیە دەهات و پێیوابوو درۆیەكی گەورە نمایشدەكەن و بگرە لەناخەوە گاڵتەی بە عەقڵی ئەو كوڕە كەڵەگەتە قۆزە دەهات كە دەتگوت خوا كەسی دروستنەكردووە ئەو كچۆڵەیە نەبێت وا چاوی لێنەدەتروكاند. هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا و پشتی كردە خەڵكەكە و دووبارە شۆڕبوویەوە بەناو مێژووی بیست ساڵەی ژن و مێردایەتییاندا، گەڕاوگەڕا، دەیویست گرتەیەك وەدۆزێ، رۆژێك پەیدابكات، شتێك بەیادبێنێتەوە، پێكەوە لەگەڵ ژنەكەیدا خۆشبەخت و دڵئارام بووبن.. زۆر گەڕا تەنها یەك رۆژی بینیەوە ئەویش هەژدە ساڵ بەر لەئەمڕۆ چێشتەنگاوێكی مەیلەو درەنگ لە چاوەڕوانی لە دایكبوونی یەكەم منداڵدا بوو، ئای كە ساتێكی خۆشبوو كە مامانەكە هاتە دەرەوە و وتی " خوا لێتان نەسەنێ كوڕێكی جوانتان بووە..." ئەو رۆژەش خۆشییەكە تەنهایی بوو ئاخر ئەو لەتاو ئێش و ئازاری منداڵبوون لەتاو نەزیفی زۆر و زەوەندی پاش منداڵبوون زوو زوو لە هۆش خۆی دەچوو، ژنگەلی گەڕەك دەیانگوت هاڵ دەیباتەوە لە عەبایەكی رەشییەوە بپێچن باشدەبێت... حەڵوایەكی شیرینی بۆ بكەن سكی خاڵییە با كەوچكێ بخوا باشدەبێت... ئەو رۆژەش پێكەوە خۆشییان نەبوو.. لەپڕ خەیاڵی كەوتەوە سەر ئەو كوڕە گەورەیەو ئێستەی دەهێنایەوە یادی خۆی كوڕێكی خراپ نییە و بۆ خۆی ماڵ و منداڵی پێكهێناوە بەڵام لەوە نەدەگەیشت بۆچی لەكاتی هەر كێشە و گیروگرفتێكی ماڵدا لایەنگری دایكی دەكرد.. بەڵام كە دەهاتە نۆبەتی كچەكان دوو چرچی تر لەنێوچاوییدا دروستدەبوو و رەنگێكی دەهێنا و رەنگێكی برد، تێنەدەگەیشت بۆچی كچەكان شوڵیان لێهەڵكێشاوە و دوو هێندەی دایكیان بلێسەی رق و قینیان دەمەملاسكەی دێت؟ تێنەدەگەیشت بۆچی هەستی باوكایەتی نییە بەرابەریان؟ ئاخۆ ئەوان زۆر بێ منەت و لووتبەرزبوون بەرامبەری و هەستی منداڵبوونیان بۆ باوكیان نەبوو یان ئەم كەمدەستی دەكرد و رۆژێ لەڕۆژان لە وەتەرەكانی هەستوسۆزی منالآنەی ئەوانی نەداوە و نەیتوانیوە وەك باوكێك خۆی نیشانبدات؟؟ ئاخر خۆ مرۆڤ ئاژەڵ نییە، دابەستە بكرێ و نان و ئاوی بدرێتێ !! دەنگی پۆلیسی بەردەرگا لە قولآیی ئەو كێشانەوە دەریهێنایەوە و بە شپرزی و شڵەژاوییەوە خۆی كرد بە ژوورەكەی دادوەردا ... لە ژوورەوە خێزانەكەی لەلایەكەوە عەبایەكی لەخۆیەوە پێچابوو قسەی دەكرد و گوێی لێنەبوو ئاخۆ كەسێك هەیە گوێگرێ یان نا. تا دادوەر كەمێك دەنگی بەرزكردەوە و وتی:

ــ خوشكی من با پرسیارت لێبكەین ئەوجا وەلآمبدەرەوە.

ــ جەنابی حاكم نازانی چ وەزعێكم هەیە بە دەست ئەم كابراوە.

دادوەر كۆمەڵە رستەیەكی بە عەرەبی بە فەرمانبەرەكەی بەردەستی وت و ئەویش بەخێرایی و خەتێكی ورد دەینووسی و تاوناتاوێ هەرجارەی لەیەكێكیان دەیپرسی و هەمووی دەنووسرا.. تا ئەو جێگەیەی ئەم وتی:

ــ جەنابی حاكم رێگەم دەدەیت قسەیەكت عەرزكەم..

ــ فەرموو لەگەڵتم..

ــ جەنابی حاكم من ئەتوانم ئەم ژنەم تەلآقبدەم..

ــ بۆ ناتوانی ( تەلآقی ژن بەدەست پیاوە و هەركات بیەوێت تەلآقی دەدات بەلآم كۆمەڵێ مافی هەیە دەبێ بدرێ)..

ئەم یەكسەر قسەكەی لە دەم وەرگرت و وتی:—

ــ هەرچی شەرع و قانون بیداتێ من دەیدەم. بەس لەكۆڵم بێتەوە. دوای ئەوەی شێوازێك بۆ تەلآقەكە داڕێژرا.. هەرچەندە دادوەر داوای لێكرد كە لەو بڕیارە بگەڕێتەوە و تەلآق شتێكی خراپە، بەلآم ئەم هەر سوور بوو لەسەر جیابوونەوە.. بە دێڕێك كە لە چەند وشەیەك زیاتر نەبوو:

( ... كە خێزانی منی" تەلآقت كەوتبێ و ئامادەم هەموو مافێكی شەرعی و یاساییت بدەمێ) كۆتایی بە ژیانێكی زیاتر لە بیست ساڵە هات .. تیایدا چەند كچ و كوڕی گەنج بێ دایك و باوك مانەوە..

هەر پەنجەمۆرەكەی كرد بەپرتاو رایكردە دەرەوە، هێندە سوكەڵە دەهاتە بەرچاو واتدەزانی بازبازێن دەكات.. چەند كاتژمێرێ پێش ئێستە هێندە قورس هەنگاوی دەنا دەتوت بارێكی زۆر قورسی لەسەرشانە و هەڵگری خەمێك بوو لە ژێریدا نەیدەتوانی بەباشی رێبكات.. بەلآم ئێستا لە جاران سوكەڵە تر .. گەشاوە تر.. رەنگ و روومادارتر دەكەوتە بەرچاو، لەبەردەرگا دوو كچەكەی چاوەڕوانی دایكیان دەكرد كە چاوی پێیانكەوت هەڵوێستەیەكی كرد، ویستی شتێك بڵێت بەلآم دوو دڵ بوو، كە ئەوان لچێكیان لێ هەڵقورچاند و روویانكرد بەو دیوا بەپرتاو لە قاڵدرمەكان رۆشتە خوارەوە و لەپشت سەرییەوە ژنێك و دوو كچی عازەب و دنیایەك یادگاری بەجێهێشت لەگەڵ دێڕێك وشەی پچڕپچڕی تەلآق كە لەسەر وەرەقەیەك و لە فایلێكی سوورەوە پێچرابوو...